# بروسکەیەک بۆ دەسەڵاتی قەزائی لە کوردستان

خالید مەجید فەرەج

ئایا ئەو هەموو کیمیاوی و گۆری بەکۆمەڵ ئەنفال کردنی چارەکە ملیونێک لە ژن و منالی کورد و خاپوور کردنی سەراپا گوندو دەیەها شارۆچکەی کوردستان بەسەر دانیشتوانیانا ئەوەی نەدەهێنا کە یەکێک لەو حاکمە بە ئەزموون و شارەزای تەواوی یاسای سزاکان بەتایبەتی یاسای ئسولی موحاکماتی جەزائی و بەتوانا لە زمانی عەرەبیدا بچێتە پێشەوەو بۆ ئیدارەکردنی جەلەساتی دادگایی کردنی سەدام و دەست و پێوەندەکەی یان لەناو کوردا هەر کوڕی هەژار دەبێ بە پێشمەرگە؟ لە کوێن ئەو حاکمانەی کە شانازی بەوەوە دەکەن کە کاتێک هاو وولاتیەک بەهەر تۆمەتێک موحاکەمە دەکەن ناهێڵێن نە محامی هەردوو تەرەف و نە تۆمەت بارو نە شکایەت کەر بە بێ مۆڵەت فزە لەدەمیانەوە بێ (کە ئەوەش جێبەجێ کردنی تەواوی یاسایە و هەقیانە) بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم فەن و عیلمەیان بۆ کەی هەڵگرتووە ئەگەر بۆ رۆژێکی وانەبێ ؟ماقووڵە ئەوەی ئێستا ئەیبینین نمونەی دادوەری کوردی بێ کە تەمەنی ئەمڕۆ لە هەشتا ساڵ تێپەریوە ؟ لە گەڵ رێزی زۆرم بۆ حاکم رزگار دیارە ئەو تەنها ئەوەندەی پێ دەکرێت ئەگەر لەو باشتر بچوایەتە پێشەوە دڵنیام رێگر نە دەبوو.